# پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و مافە مەدەنی و سیاسییەکان



ئاسۆ کەریم

**دیارە شتێکی بەڵگەنەویستە کە دەستووری نووسراوی وڵاتان، بەو پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستانیشەوە، وەکو کۆمەڵە بنەمایەکی قانوونیی بنەڕەتیی، ئەو خاڵە سەرەکییانەیان تێدا دیاری دەکرێ:**

★ **فۆرمی دەوڵەت و بنەماکانی حوکمڕانیکردن:** وەکو باوە لە پێشەوەی دەستوور لەژێر ناوی (پرەنسیپە بنەڕەتییەکان)دا جێگەیان بۆ دەکرێتەوە. ئیدی دیار دەبێ کە داخوا شێوەی دەوڵەت، سادە و یەکگرتووە unitary یان ئاوێتەیە، داخوا حکوومەتەکەی کۆمارییە یان پاشایەتی، سیستەمە سیاسییەکەی پەرلەمانییە، یان سەرۆکایەتی، یان تێکەڵە، یان کۆمەڵەی نوێنەرایەتییە، دیموکراتییە یان نادیموکراتییە و ئیدی پێدا برۆ.. (سەیری پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ماددەکانی 1 و 17 بکە).

★ **ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان:** ئەو بەشە پێوەندیی بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی هاووڵاتیان و تاکەکەسەوە هەیە. ئەو بەشە، کە پێوەندیی راستەوخۆی بە ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیانەوە هەیە، لەبەر گرنگیان لە دوای پرەنسیپە بنەڕەتییەکانەوە دێن. (سەیری ماددەکانی 18–38) بکە.

★ **دەسەڵاتگەلی گشتی:** مەبەست هەر سێ دەسەڵاتەکەی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی و ئەنجوومەکانی پارێزگا و شارەوانی و کۆمیسیۆنەکانە و پێوەندیی نێوانیان و ئیختیصاصی هەر کامێکیان. (سەیری ماددەکانی 39–109) بکە.

★ **ئەحکامی دارایی.** ( ماددەکانی 110–114).

★ **بەشی کۆتایی** دەستوور هەمیشە بۆ ئەحکامی کۆتایی سەبارەت بە کارپێکردن بەدەستوور و لێکدانەوە و هەمواركردنی تەرخان دەکرێ. (ماددەکانی 115–122) تەرخانکراوە.

**- پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان، پرۆژە دەستوورێکی سڕە (جامد)**

بەگوێرەی هەر دوو ماددەی 118 و 120ی پرۆژەکە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو پرۆژە دەستوورە، پرۆژە دەستوورێکی سڕە (جامد)، چونکە لە رێگەی ریفراندۆمی گشتییەوە پەسند

دەکرێ و هەر لەو ڕێگەیەشەوە هەموار دەکرێ. ئەگەر پرۆژە دەستوورێکی (مرن) بایە، ئەوا تەبای قانوونی خواسایی، لە لایەن پەرلەمان خۆیەوە هەموار دەکرا. لە هەمانکاتدا (الخطر الجزئی)یش لەسەر هەموارکردن و دەسکاریکردنی دەستوورەکە هەیە. (سەیری مادده 120 یەکەم بکە)، چونکە ناکرێ دەسکاری سیستەمی سیاسی بکرێ، یان لە یەکێتیی خاکی هەرێمی کوردستان و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان کەمبکرێتەوە. لە زۆر وڵاتی تریشدا، مادده و ئەحکامی لەمجۆرە هەن.

ئەو سڕبوونە بۆ وڵاتی ئێمە، کارێکی پەسند و باشە، چونکە جۆرێ لە سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی دێنێتەئاراوە و وڵات لەوە دوور دەخاتەوە، کە بەکەیف و ماشای ئەم یان ئەو حزب و سەرکردە و ململانێی نێوانیان، هەر ڕۆژە دەستوور دەسکاری بکرێ و ژیانی سیاسی سەقامگیری بەخۆوە نەبینێ و هاووڵاتی دەستی لەسەر دڵی بێ.

**- کێ مافی ئەوەی هەیە پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور بخاتە روو:**

**یان چۆن دەستوور هەموار دەکرێ:**

بەپێی ماددەی 120 ـ دووەم، سێیەم، چوارەم و پێنجەم بەم شێوەیە دەکرێ:

1- سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیران بەیەکەوە یان یەک لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، واتە 37 ئەندام بۆیان هەیە پێشنیار بۆ هەموارکردنی دەستوور بکەن.

2- هەڵبەت بە گوێرەی ماددەی 121یش، 25٪ی هاووڵاتییانی کوردستان، ئەوانەی کە مافی هەڵبژاردنیان لە هەرێمدا هەیە، دەکارن داوای ریفراندۆم لەسەر بابەتێک بکەن، لەوانە هەموارکردنی دەستوور. ئەوەش یەکسەر بە قانوون ڕێکدەخرێ و دەخرێتە بەردەم خەڵک بۆ دەنگ لەسەردان.

پاشان، ئەو پێشنیارەی کە لە خاڵی 1دا ئاماژەی بۆ کرا، دەبێ دادگەی دەستووریی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی 45 رۆژدا، بڕیاری ئەوە بدات کە داخوا ئەو پێشنیاری هەموارکردنە لەگەڵ بڕگەی یەکەم (ماددەی 120)دا دەگونجێ یان نا. واتە دادگەی دەستووری بڕیار لەسەر دەستووریبوون یان نادەستووریبوونی پێشنیارەکە دەدات، ئەگەر بڕیارەکەی دادگەی دەستووری ڕێگەی پێدا، ئەودەمە پێشنیارەکە دەخرێتەوە بەردەم پەرلەمان و دەبێ زۆرینەی دوو لەسەر سێی تەواوی ئەندامان پەسندی بکەن، واتە دەبێ بەلانیکەمەوە 74 ئەندام دەنگی پێ بدەن، تا بخرێتە بەردەم گەلی کوردستانەوە و لە ریفراندۆمێکدا بە بەڵێ یان بە نا، وەڵامی خۆیان بدەنەوە. ئەگەر زۆرینەی دەنگدەرەکان دەنگیان بەو پرۆژە هەموارکردنە دا، ئەوا تێدەپەڕێ و دەبێ کاری پێ بکرێ.

**- هەڵوێستی قانوونی ناوەخۆی وڵاتان و قانوونی نێودەوڵەتی لەمەڕ مافەکانی مرۆڤەوە**

ڕاستە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، لەناو دەستووردا جێگەیان بۆ کراوەتەوە، بە مانایەکی تر سەر بە قانوونی دەستوورین. قانوونی دەستووریش، بەشێکی هەرە گرنگی قانوونی ناوخۆی وڵاتانە. لێ ئەو ئینتیمایەی مافەکانی مرۆڤ، بۆ قانوونی ناوەکی، ڕەها نییە. چونکە ئەمڕۆ، مافەکانی مرۆڤ چ لەساتەوەختی شەڕ و چ

لەساتەوەختی ئاشتیدا، لقێکی قانوونی نێودەوڵەتی ڕێکیان دەخا کە پێی دەگوترێ قانوونی نێودەوڵەتیی ئینسانی. لەهەمانکاتدا، ئەو قانوونە پێوەندیی بە کۆمەڵی قانوونی تریشەوە هەیە، وەکو قانوونی سزاکان، قانوونی کار، قانوونی ئەحوالی شەخسی و هی تر. واتە مافەکانی مرۆڤ، هەم بەشێکی گرنگی قانونی نێودەوڵەتی و هەم بەشێکی گرنگی قانوونی دەستووریی ناوەکیین و ئەمەش جۆرێ لە تەداخول وچوونەناوەیەک و تێکهەڵکێشی دروستکردووە.

هەڵبەت ئەوەش لە سۆنگەی ئەو پەرەسەندنەوە بووە کە بەسەر قانوونی نێودەوڵەتیدا هاتووە، کە لەتەک وڵاتان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ئەقلیمیدا، تاکەکەس، الفرد (Individual)یش بەم یان بەو شێوەیە بووە بە سوژەی ئەم قانوونە. لە چەندین دۆکیومێنتی نێودەوڵەتیدا: ڕێککەوتننامە Treaties، جاڕنامە Declarations ، پرەنسیپ Principles، ڕاسپاردە Recommendations و بنەما Rules دا، باس لە ستاتۆ و مەرکەزی تاکەکەس و ماف و ئەرکەکانی کراوە. هەر چەند ئەو دۆکیومێنتە نێودەوڵەتییانە، لە ڕووی هێز و بڕستی قانوونیی و پابەندبوونەوە، هێز و بڕستی وەکیەکیان نییە، لێ بەپێی پرەنسیپی بەرتەری Superiorityی قانوونی نێودەوڵەتی لەچاو قانوونی ناوەکیی وڵاتان، دەکرێ وەکو چاوگە و ڕێنوێن لە قانوونی ناوخۆدا بەهەند وەربگیرێن. لە سۆنگەی ئەم پەرەسەندنەوە، ئەو پرسانەی پێوەندییان بە مافە بنەڕەتی و ئازادییەکانی مرۆڤەوە هەیە، بەتەنیا ناکەونە ناو بازنەی اختصاص ( Competition)ی ناوەکیی وڵاتانەوە و لە دوای نەوەدەکانەوە جۆرێ لە (تلازم) لەنێوان مافەکانی مرۆڤ و ئاشتی و تەناهیی دەولی هاتۆتەکایەوەو لەسەر ئەو بنەمایەش، پرەنسیپی مایەی خۆتێکردن لەکاروباری ناوخۆی وڵاتان هاتۆتەکایەوە و چەندین نموونەشمان هەن.

بە مانایەکی تر، چیتر وڵاتان ناکارن، بەبیانووی (ئیختصاصی) ناوەکییەوە پاساو بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکانیان بهێننەوە. بێ لەوە، هەندێ لە مافە بنەڕەتییەکان چ لە سەردەمی شەڕ و چ لە ساتەوەختی ئاشتیدا، لەبەر ئیعتوباراتی ئینسانی، سیفەتی القاعدة الامرة ( jus cognios)یان وەرگرتووە و ناکرێ پێشێل بکرێن، یان لێیان کەم بکرێتەوە و بەمەش ئەرکێک خراوەتە ئەستۆی تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

لێ هەڵوێستی دەستووری وڵاتان سەبارەت بەهێز و بڕستی قانوونیی دۆکیومێنتگەلی نێودەوڵەتی وەکیەک نییە و ئاراستەی لێکجیا هەیە. هەر بۆ نموونە لە ماددە 6ی دەستووری ئەمریکادا هاتووە، کە دەستوور و ئەو قانوونانەی بەگوێرەی دەستوور دەردەچن و هەموو ئەو بەڵێننامە و ڕێککەوتننامانەی ئەمریکا تەرەفە تیایاندا، (ملزم)ن بۆ دەسەڵاتی دادوەری.

**- داخوا ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان چۆن دەڕوانێتە ئەو دۆکیومێنتانە؟**

بەر لە هەموو شتێک وەکو سەرنج دەدرێ (المشرعین) هەندێ لە برگەو ماددەی دۆکیومێنتگەلی نێودەوڵەتیی لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ، وەکو خۆیان یان بە دەسکارییەکی کەمەوە و بەگونجان لەگەڵ هەلومەرجی هەرێمدا نووسیوەتەوە.

لێ ئەو ڕەشنووسە لە فەسڵی چوارەم ماددە 37دا وەڵامی ئەم پرسیارەی بەم شێوەیە داوەتەوە کە دەڵێ: سەربارى ئەو مافانەی لەم دەستوورە و لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆی دەستەبەر کراون، هەر

کەسێک مافی خۆیەتی کەڵک لەو مافانەش وەربگرێ کە لە ڕێککەوتننامە، پەیماننامە، بەڵێننامە و جاڕنامە نێودەوڵەتییەکانی گرێدراوی مافەکانی مرۆڤدا هاتوون و عێراق چۆتە ناویانەوە، یان پەسندی کردوون.

کەواتە ئەم دەقە دەستوورییە، کۆمەڵێ ماف و ئازادیی تریش بۆ تاکەکەس و گروپەکان دابین دەکات و دەبێ هەر سێ دەسەڵات (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی هەرێمی کوردستان)یش بە گوێرەی (مادده 18یەکەم) هەم ئەو مافە بنەڕەتییانەی لەو دەستوورەدا هاتوون، هەم ئەوانەیش کە (ماددەی 37 ) ئاماژەیان بۆ دەکات، جێبەجێ بکەن و بپارێزن و ناکارن کۆت و قەید بخەنە سەر پراکتیزەکردنی ئەو مافە دانپیانراوانە، مەگەر بەقانوون و لە جەوهەری ئەو مافانە کەم نەکاتەوە و بە رادەیەکی پێویست و پەسندکراو بێ (ماددەی 38 یەکەم) و هەر کەسێکیش بۆی هەیە لەبەردەم دادگەی دەستووریدا تانە لە هەر قانوون و کۆتێک بۆ سەر مافەکان بدا.

بەکورتی، هاووڵاتی کۆمەڵێ گەرەنتی و میکانیزم و دەستاوێژی لەبەردەستە، کە دەکارێ لەکاتی پێویست و بۆ داکۆکیکردن لە مافە بنەڕەتییەکانی خۆی پەنایان بۆ ببات.

**- ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان:**

لێرەدا ئەو مافانەی کە لەم دەستوورەدا فەسڵی 1 و 2ی بابی دووەمدا هاتوون، لە گەڵ دۆکیومێنتگەلی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ پێکیان دەگرین تا بزانین چەندە، هەروەها لەگەڵ ئەو پەرەسەندنەی بەسەر مافەکانی مرۆڤدا هاتوون، گونجاون:

ئەو مافانە پێ بەپێ لەسەر بنەمای داخوازیی بەرەو ژوور هەڵکشاوی مرۆڤایەتی سەبارەت بە ژیانێک کە هەموو مرۆڤێک کەرامەت و بەهای ئەسڵیی خۆی هەبێ و جێگەی ڕێز و پاراستن بێ، سەلمێنراون.

**ئەو دۆکیومێنتانەی کە لێرەدا لەگەڵ ڕەشنووسی دەستووردا پێکیان دەگرین، ئەوانەن:**

جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 10-12- 1948 پەسندی کردووە.

هەردوو بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان کە لە 26-12-1966دا کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسندی کردوون و لە 23-3-1976ەوە کاریان پێ دەکرێ و دەوڵەتی عێراق لە 25-1-1971ەوە چووەتە ناو ئەو ڕێککەوتننامەیەوە.

ڕێککەوتننامەی تایبەت بە ستاتۆی پەنابەران کە لە 28-7-1951دا، کۆنگرەی کۆمیسیارانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پەنابەران و خەڵکی بێ دەوڵەتنامە (الجنسیە) کە کۆمەڵەی گشتی بەگوێرەی بڕیاری ژمارە 429د 5ی 14-12-1950، داوای بەستنی کردبوو. ئەو ڕێککەوتننامەیە لە 22-4-1954-ەوە کاری پێ دەکرێ.

ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی بۆ بەربەرەکانێی هەموو شێوەکانی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی، کۆمەڵەی گشتی بەبڕیاری 2106 د20 لە 21-12-1965 پەسندی کردووە و لە 4-1-1969ەوە کاری پێ دەکرێ و عێراق لە 14-1-1970 چووەتە ناو ئەم ڕێککەوتننامەیەوە.

ڕێککەوتننامەی بەربەرەکانێی هەموو شێوەکانی جیاکاری دەرهەق بە ئافرەتان، کە کۆمەڵەی گشتی بە بڕیاری 24-180 لە 18-12-1979 پەسندی

کردووە و لە 2-9-1981ەوە کاری پێ دەکرێ و لە 13ی ئابی 1986ەوە عێراق تەرەفە تیایدا.

ڕێککەوتننامەی بەربەرەکانێی ئەشکەنجەدان و شێوازەکانی تری ڕەوتار یان سزای سەخت یان نامرۆیی، کۆمەڵەی گشتی بەبڕیاری 39-46 لە10-12-1984 پەسندی کردووە و لە 26-6-1987ەوە کاری پێ دەکرێ و ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، لە دوای ڕووخانی ڕژێمەوە، عێراق چووەتە ناو ئەم ڕێککەوتننامەیەوە.

ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ، کۆمەڵەی گشتی بە بڕیاری 44-25 لە 20-11-1989 پەسندی کردووەو لە 2-9-1990ەوە کاری پێ دەکرێ. لە 15-6-1994ەوە عێراق تەرەفە تیایدا.

سەرباری ئەو دۆکیومێنتانە، بەراوردێکیشی لەگەڵ دەستووری عێراق 2005دا دەکەین.

شایانی گوتنە، لە دیباجەی ڕەشنووسەکەشدا، ئاماژە بۆ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ کراوە. هەرچەندە نەنووسراوە کە ئەو دیباجەیە بەشێکی (ملزم)ە یان نا، لەگەڵ ئەوەشدا، (المشرعین) بیناکردنی کوردستان-یان وەکو نیشتمانێکی یەکگرتوو کردۆتە مەبەست کە لەسەر بنەمای بەها دیموکراتییەکان دامەزرابێت و لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ کار بکات.. هەڵبەت ئەوەش گرنگی خۆی هەیە و ڕۆح و جەوهەری دەستوورەکە پێکدێنێ.

**- کێ دەکرێ ئەو مافە بنەڕەتییانەی کە لە بابی دووەم فەسڵەکانی 1 و 2 و 3 و 4دا هاتوون سوودیان لێ ببینێ:**

1- تاکەکەس (الفرد)، مافەکانی تاکەکەس لە فەسڵی یەکەم و دووەمدا جێگەیان بۆ کراوەتەوە.

2- دەستە و گرۆی نەتەوەیی و ئایینی لە فەسڵی سێیەمدا جێیان بۆ کراوەتەوە.

3- تەواوی گەلی کوردستان، وەکو لە مادده 7دا هاتووە و باس لە مافی چارەی خۆنووسین دەکات، یان مادده 17 کە باس لە مڵکییەتی زەوی و سامانە گشتییەکانی هەرێم دەکات...

**دەکرێ ئەو مافانە بەپێی خویابوون و برانەوە و ڕەهابوونیانەوە بۆ دوو سینف پۆلین بکەین:**

1- هەندێ لەو مافانەی کە لە دوو فەسڵی 1 و2دا هاتوون، بەشێوەیەکی خویا و ئاشکرا دەقبەند کراون، دەبێ پێڕەوییان لێ بکرێ و دەستیان پێوە بگیرێ. نموونەی ئەو مافانە: (العقوبة شخصية. لا يجوز محاكمة المدنيين أمام المحاكم العسكرية. ليس للقانون الجزائي اثر رجعي الا اذا كان اصلح للمتهم. لكل مواطن اكمل 18 عاما الحق في تقلد الوظائف العامة يان الجميع سواسية أمام القانون و..)

2- هەندێ لە مافەکان پێویستیان بە ڕێکخستن و قانوون بۆ دانان هەیە. وەکو دەبیندرێ لە هەندێ برگەدا، دەستەواژەی وەک (وفقا للقانون، دون مسوغ قانوني، بموجب القانون، في حدود القانون). بۆ هەندێ ماف و ئازادیی زێدە کراوە. بۆ نموونە، (يضمن حق الحصول على المعلومات بقانون. حرية الاقامة والتنقل والسفر مكفولة في حدود القانون. تكفل حكومة الاقليم حق تأسيس الجمعيات والنقابات والمنظمات والاتحادات المهنية والانضمام الحر اليها وينظم ذلك بقانون..) واتە دەبێ دواتر پەرلەمانی کوردستان قانوون بۆ ڕێکخستن و پراکتیزەکردنی ئەو ماف و ئازادییانە دەربکات. دەستوور، ڕێکخستنی ئەو

ماف و ئازادییانەی داوەتە دەست پەرلەمان نەک دەسەلاتی تەنفیزی. هەڵبەت پەرلەمانیش بۆی نییە، بەکەیفی خۆی کۆت و بەندیان بۆ دابنێ، بەڵکە دەبێ ئەو قانوونانەی دایاندەنێ، لەگەڵ رۆحی دەستوور و جەوهەری مافەکان بگونجێن و لەو چوارچێوەیە دەرنەچێ کە لە ولاتانی دیموکراتدا باوە. بێ لەوە، فیلتەری چاودێریی قەزاییش بەسەر پەرلەمانەوەیە و دادگەی بالای دەستووری، بەگوێرەی (ماددەی 95 – دووەم)ی پرۆژەکە، دەتوانێ لە دەستووریبوونی ئەو قانوونانە بکۆڵێتەوە کە لە پەرلەمانەوە دەردەچن.

**- بەگشتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە لە فەسڵی یەکەمدا هاتوون (ماددەکانی 18-22)، دابەش دەکرێن بۆ:**

1- ئازادییە فەردییەکان کە کۆمەڵی ماف و ئازادی دەگرنەوە وەکو مافی ژیان و تەناهی و لەخۆدڵنیابوون (ماددەی 19- یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم و شەشەم) و (ماددەی 22 – دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەفتەم، هەشتەم و یازدەم)، مافی گۆزە-گۆزو شوێنی نیشتەجێبوون (مادەی 21 – سێیەم)، حورمەتی ماڵ و نهێنی پۆستە و کۆمیونیکێشن و ژیانی تایبەتی (ماددەی 19- حەفتەم، هەشتەم، دوازدەم..).

بەهەق ئەگەر مرۆ لە خۆی دڵنیا نەبێ، ناکرێ باس لە ئازادییەکانی تر بکرێ، کەواتە مافی ژیان و لە خۆ دڵنیابوون، مافێکی بنەڕەتی و بنەمایە بۆ ئازادییەکانی تریش.

2- ماف و ئازادییە سیاسییەکان وەکو مافی هەڵبژاردن و خۆپالاوتن (مادده 21- یەکەم)، مافی پێکهێنانی کۆمەڵە و سەندیکا و حزبی سیاسی (ماددەی 19- حەڤدەم و هەژدەم) و مافی دامەزران و وەرگرتنی وەزیفەی گشتی (ماددەی 21 -دووەم) و مافی موخاتەبەی دەسەلاتە گشتییەکان (ماددەی 21 -چوارەم).

3- ماف و ئازادییە فیکری و ئایینییەکان وەک ئازادیی بیرورا و رادەربڕین، ئازادیی باوەڕ و ئایین، ئازادیی رۆژنامەگەری و پەخش. (مادەی 19 – نۆیەم و دەیەم و یازدەهەم) دەگرێتەوە.

**- بەراوردی بڕگە بە بڕگەی ماددەکانی (19 و 20 و 21 و 22)ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستووری عێراق و دۆکیومێنت گەلی مافەکانی مرۆڤدا.**

مادده 19 یەکەم: کەرامەتی مرۆڤ

مادده 35 أی دەستووری عێراق. لە کۆمەڵی دۆکیومێنتدا ئاماژەی بۆ کراوە.

ماددەی 19- بڕگەی دووەم: مافی ژیان و ئازادی

لە مادده 15ی دەستووری عێراقدا هاتووە. مادده 3ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، مادده 6ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادده 1ی جاڕنامەی ساڵی 1992ی پاراستنی هەموو کەس لە شوێنبزرکردن ، مادده 6ی رێککەوتننامەی مافەکانی مرۆڤ کە لە 2-9-1990ەوە کاری پێ دەکرێ، مادده 5ی جاڕنامەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤی ئەو کەسانەی کە هاوولاتی ئەو ولاتە نین کە تیایدا دەژین و ئەم جاڕنامەیە لە 13ی کانوونی یەکەمی 1985 لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسندکراوە.

ماددەی 19- بڕگەی سێیەم: بەربەرەکانێی ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی...

لە ماددە 35بڕگەی ج – ی دەستووری عێراقدا هاتووە. ماددە 5ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ماددە 7ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پرەنسیپی 6 و پرەنسیپی 33ی کۆمەڵە پرەنسیپی تایبەت بە پاراستنی هەموو ئەو کەسانەی دوچاری شێوەیەک لە شێوەکانی گلدانەوە و زیندانی دەبنەوە، ماددە 1 و2ی ڕێککەوتننامەی بەربەرەکانێی ئەشکەنجەدان و شێوەکانی تری مامەڵە و سزای توند یان نائینسانی و سووکایەتیپێکردن کە لە 26-6-1987ەوە کاری پێ دەکرێ، ماددە 1ی جاڕنامەی پاراستنی هەموو کەسان لە شوێنبزرکردن، ماددە 37ی ڕێککەوتننامەی مافەکانی مرۆڤ، ماددە 6ی جاڕنامەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤی ئەو کەسانەی هاووڵاتی ئەو وڵاتە نین کە تیایدا دەژین..

ماددە 19 - بڕگەی چوارەم: سوغرە

ماددە 35ـ سێیەم-ی دەستووری عێراق، ماددە 4ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ماددە 8 بڕگە 3-أ و جیمی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددە 1ی ڕێککەوتننامەی تایبەت بە قەدەخەکردنی سوغرە کە لە 7-1-1959ەوە کاری پێ دەکرێ.

ماددە 19 پێنجەم: بەزۆر کارپێکردن

ماددە 35 سێیەم-ی دەستووری عێراق.

ماددە 8 بڕگە 3ب ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان.

ماددە 19 شەشەم: ئەمان و لەخۆدڵنیابوونی شەخسی

ماددە 15ی دەستووری عێراق، ماددە 3ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و لە کۆمەڵێ دۆکیومێنتی تردا هاتووە.

ماددە 19 حەفتەم: ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەت و خێزانی و ....

ماددە 17ی دەستووری عێراق. ماددە 12ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ماددە 17ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددە 16ی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ.

ماددە 19 هەشتەم: مافی ژنهێنان و شوکردن و پێکەوەنانی خێزان...

لە ماددە 29 لە دەستووری عێراقدا ئەو مافە بەو شێوە روونە نەهاتووە.

ماددە 16ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ماددە 23ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددە 10ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، ماددە 6ی ڕێککەوتننامەی مافەکانی مرۆڤ، ماددە 12ی ڕێککەوتننامەی تایبەت بە پەنابەران (1950).

ماددە 19 نۆیەم: مافی ئازادیی ئایین و باوەڕ و فیکر و ویژدان...

ماددەکانی 39و40و41 شایانی باسە ماددە 41 یەکێ لەو ماددانەی دەستووری عێراقە کە لەناو پەرلەمانی عێراقیدا ناکۆکی لەسەرە.

ماددە 18ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ماددە 18ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددە 14ی ڕێککەوتننامەی مافەکانی مرۆڤ، ماددە 4ی ڕێککەوتننامەی تایبەت بە پەنابەران

مادده 19 دەیەم: ئازادیی رادەربڕین...

ماددەی 36 یەکەم و دووەم-ی دەستووری عێراق، مادده 19ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، مادده 19ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادده 12ی رێککەوتننامەی مافەکانی مرۆڤ.

مادده 19 یازدەهەم: مافی زانیاریی وەرگرتن...

لە دەستووری عێراقدا ئەو مافە نییە. مادده 19ی بەڵێننامەی جیهانیی تایبەت مافە مەدەنی و سیاسییەکان.

ماددەی 19 دوازدەهەم: ئازادیی پێوەندیگرتن و پۆستەکاری و ...

مادده 38ی دەستووری عێراق، مادده 12ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، مادده 17ی بەڵێننامەی جیهانیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان.

مادده 19 سێزدەهەم: چاودێری و بایەخدان و بارهێنانی تازەپێگەیشتووان و گەنجان...

مادده 29 ب، مادده 33ی دەستووری عێراق، بەشێوەی جیا-جیا ئەو ماددەیە ئاماژەی بۆ کراوە.

مادده 19 چواردەهەم: وەرزش.. مافێکی لەم بابەتە لە دەستووری عێراقدا نییە.

مادده 19 پازدەهەم: ئازادیی هونەر و ئەدەب و توێژینەوەی زانستی...

مادده 34 سێیەمی دەستووری عێراق، بەڵام لە دەستووری عێراقدا بەو روونییە نییە کە لە پرۆژە دەستووری هەرێمدا هاتووە.

مادده 19 شازدەهەم: پاراستنی موڵکییەتی فیکری و داهێنان و...

لە دەستووری عێراقدا نییە. مادده 27ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، مادده 15ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، مادده 31ی رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ، مادده 14ی رێککەوتننامەی تایبەت بە رەوشی پەنابەران.

مادده 19 حەڤدەهەم: ئازادیی کۆڕو کۆبوونەوە و پێکهێنانی کۆمەڵەو یەکێتی و ....

مادده 36 سێیەم، مادده 43ی دەستووری عێراق، بەڵام لە پرۆژە دەستووری هەرێمدا بەشێوەیەکی خویاتر داڕێژراوە.

مادده 23ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، مادده 22ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادده 8ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، مادده 2 و3ی رێککەوتننامەی تایبەت بە ئازادیی سەندیکایی و پاراستنی رێکخستنی سەندیکایی کە لە ساڵی 1950ەوە کاری پێ دەکرێ. مادده 8ی جاڕنامەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤی ئەو کەسانەی هاووڵاتی ئەو وڵاتە نین کە تیایدا دەژین.

مادده 19 هەژدەهەم: حزب دامەزراندن.

مادده 37ی دەستووری عێراق، مادده 20ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، مادده 22ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادده 21ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان.

مادده 19 نۆزدەهەم: قەدەغەکردنی وەدەرنانی بەکۆمەڵ. لە دەستووری عێراقیدا نییە

مادده 20 وەکیەکی یەکەم و دووەم و سێیەم وەکیەکی بەرانبەر قانوون

مـــادده 14ی دەســـتووری عێـــراق، مـــادده 7ی جارنامـەی جیهـانیی مافـەکـانی مـرۆڤ، مـادده 14 و 26ی بـەڵێننامـەی نێـودەوڵـەتیـی تایبـەت بـە مافـە مەدەنی و سیاسییەکان، مادده 15ی رێککەوتننامـەی بـەربـەرەکـانێی هـەمـوو شـێوەکانی جیاکاری دژ بـە ئافرەتان،

ماددەی 21 مافەکانی هاوولاتیبوون یەکەم مافی دەنگـدان و هـــەڵبـــژاردن.. دووەم مـــافی وەزیفـــە وەرگرتن و چوارەم مافی سکاڵاو عەرزوحاڵنووسین و...

مـادده 20 ی دەسـتووری عێـراق، بـەڵام زۆر بـە کورتی هاتووە. هەرچی ئەوەی هەرێمی کوردستانە، بەتایبەتی برگەی چوارەم زۆر گرنگە و ئەو مافە بە هـــاوولاتی دەدا، کـــە عـــەرزوحـــاڵ و ســـکاڵا بـــۆ دەســـەڵاتـــەکـانی هـــەرێـم بنووســێ و وەڵام بــەبــێ دواکـەوتـن وەرگرێتـەوە، لـەبـاری دواکـەوتنـدا، ئـەو دەســـەڵاتـــەی وەڵامـــەکـــەی بـــەبـــێ هـــیچ پاســـاوێکی قانوونی دواخستبێ، بەرپرسیارێتی دەکەوێتەسەر.

مادده 21ی جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، مادده 25ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مـــەدەنـــی و سیاســـییەکـــان، مـــادده 7 و 8ی رێککەوتننامـەی بـەربـەرەکـانێی هـەمـوو شـێوەکـانی جیاکاری دژ بە ئافرەتان...

ماددەی 22: مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە لە 12 برگە پێکهاتووە.

ئەو بنەما و ستانداردانەی لە جارنامە جیهانی و رێککەوتننامەکاندا هاتوون بۆ رەشنووسی هـەرێمی کوردستان گوێزراونەتەوە.

**سەرچاوەکان:**

1- باسـيل يوسـف، دبلوماسـية حقـوق الانـسان المرجعيـة القانونية والآليات، بغداد، 2002، ص54.

2- عبدالكريم علـوان، الوسـيط فـی القـانون الـدولی العـام، حقوق الانسان، الكتاب الثالث، مكتبة دار الثقافة للنشر والتوزيع، 2004، ص10

3- علی محمد صالح الدباس و علی عليان محمد، حقوق الانسان و حرياته، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، 2005، ص100